# ناوەندی ڕۆشنبیریی بەدلیسی
## ڕاپۆرتی ساڵانە
## ٢٠٠١

**پوختە:**

(ناوەندی ڕۆشنبیری بەدلیسی) هاوکات لەگەڵ چالاکییەکانی ڕۆژانەیدا لە ماوەی ساڵی (٢٠٠١)دا توانی شانۆگەریی (دارستانی بەختیاریی) ئامادە بکات و لە (٨٢) خوێندنگەی سەرەتایی پارێزگای سلێمانیدا پێشکەشی بکات.

هەروەها خولێکی گەڕۆکی سەبارەت بە (مافەکانی منداڵ و کەمکردنەوەی زەبرو زەنگ لە خوێندنگەکاندا) بۆ مامۆستایانی خوێندنگە سەرەتاییەکانی پارێزگای سلێمانی ئەنجامدا.

## چالاکییەکان:

**یەکەم: شانۆگەری "دارستانی بەختیاری" .**

**بەڕێوەبەری چالاکی:** بورهان قەرەداغی.

**ئەکتەرەکان:**

- هەوار شەریف.
- هەوار ئاوات فائق.
- کامەران سوبحان.
- نەبەز ئەحمەد فەرەج.
- لوقمان علی محمەد.
- شفان مقداد مستەفا.

**یەکەم نمایش:** (٢٠٠١/١١/١٢)

**دوا نمایش:** (٢٠٠٢/١/١٣)

**ژمارەی نمایش:** (٨٢)

**نمایش:** (سلێمانی، هەڵەبجەی شەهید، سەنگاو، بەکرەجۆ، ڕاپەڕین، عەربەت، سەرچنار)

**ژمارەی بینەر:** (٣٧٠٠٨)

## پوختەی شانۆگەرییەکە:

کرۆکی شانۆگەرییەکە باس لە مافەکانی منداڵ دەکات، ئەکتەرەکان بەجل و بەرگی گیاندارانەوە باس لە مافەکانی منداڵ و ئەو پێشێلکارییانەی بەرامبەر مافەکانیان لە کۆمەڵگەی کوردەوارییدا بەگشتی و لە خوێندنگەکاندا بە تایبەتی روو دەدات، دەکەن. هەروەها هانی منداڵ دەدرێت لەسەر خوێندن وەك رێگایەکی سەرەکی بۆ بەدیهێنانی مافەکان، لەبەشی کۆتایی شانۆگەرییەکەدا، هەندێك لەبەندەکانی (رێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ)یان پێ دەناسێنرێت.

## کاریگەریی شانۆگەرییەکە:

❖ ناساندنی مافەکان بە منالآن بەشێوەیەك کاریگەر بوو کە کۆمەڵێ منداڵی دەست ڕەنگین بە وێنەو تابلۆ مافەکانیان نەخشاندبوو، کردیانە دیاری بۆ ناوەند.

❖ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بە تایبەتی راگەیاندنی بینراو، گرنگییەکی تەواویان بەشانۆگەرییەکە داو بۆ چەند جارێك پەخشیان کرد.

❖ دەزگا پەروەردەیی و رۆشنبیرییەکانی حکومەت بە داوای رەسمی داوایان لە ناوەندکرد کە پەرە بەم جۆرە چالاکییانەی بدات لە پێناو هۆشیارکردنەوەی منالآندا.

❖ ئەم کارە یەکەمجار بوو لە کوردستانداو تایبەت بێت بە ماف، هەروەك بوو بە رێنیشاندەرێك بۆ رێکخراوە ناحکومییەکان، تا چالاکی هاوشێوە ئەنجامبدەن.

## دووەم: خولی گەڕۆک سەبارەت بە مافەکانی منداڵ

### پوختەی چالاکی:

ئامانج لە چالاکییەکە زیاتر ڕۆشنبیرکردنی مامۆستایان‌و ناساندنی مافەکانی منداڵ بوو، ئەمەش بە ئامانجی کەمکردنەوەی زەبرو زەنگ لە خوێندنگەکانداو ناساندنی شێوازی وانە وتنەوەی کاریگەر بەبێ بەکارهێنانی توندو تیژی. چالاکیەکە بەشێوازی گەڕۆك بوو کە تیمەکانی ناوەند سەردانی خوێندنگەکانیان دەکردو بابەتەکانیان پێشکەش بە مامۆستایان دەکرد.

**بەڕێوەبەری چالاکی:** بەختیار حاجی عبدالله.

### وانە بێژان:

- صادق عوثمان عارف.
- نەزیرە عەبدول.
- بەختیار حاجی عبدالله.

**دەستپێکردن:** (٢٠٠١/١٢/٥)

**کۆتـایی:** (٢٠٠٢/٤/٣٠)

**ژمارەی خوێندنگە:** (٩٦)

**ژمارەی شـارو شـارۆچکە:** (١٨)

**ژمارەی بەشداران:** (١٥٨١)

**ناوچەی چالاکی:** (سلێمانی، هەڵەبجەی شەهید، رانیە، پێنجوێن، سیدصادق، هەڵەبجەی تازە، وارماوا، چوارقوڕنە، دوکان، سەرچنار، بازیان، ڕاپەڕین، بەکرەجۆ، ئەڵڵایی، تاسڵوجە، عەربەت، پیرەمەگرون، سیروان).

### کاریگەری چالاکی:

- هۆکارێکی هاندەر بوو بۆ کۆکردنەوەی بیروبۆچوونی مامۆستایان لەسەر زەبروزەنگ‌و دەستنیشانکردنی ڕێگاکانی کەمکردنەوەی.
- پوختەی ئاکامی خولەکەو بیرو بۆچونەکان‌و هەڵسەنگاندنیان پێشکەش بە وەزارەتی پەروەردە کرا، وەزارەت داوای لە ناوەند کرد هاوکار بێت بۆ زیاتر ڕۆشنبیرکردنی مامۆستایان.
- ڕێنیشاندەر بوو بۆ ڕێکخراوەکان تا چالاکی هاوشێوە، واتە خولی گەڕۆك ئەنجامبدەن.